# نمونەی کەسی تێکۆشەر لە پێناو خوای گەورە وەکو نمونەی ڕۆژووگر و شەونوێژکارە کە ئایەتەکانی خوای گەورە دەخوێنێت وبێزار نابێت لە ڕۆژووگرتن ونوێژکردن، هەتاوەکو تێکۆشەر لە پێناو خوای گەورە دەگەڕێتـەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا چی (کردەوەیەک) هاوشێوەی جیهاد وتێکۆشانە لە پێناو خوای گەورە؟ ئەویش فەرمووی: «ئێوە ناتوانن ئەنجامی بدەن»، دوو یان سێ جار هەمان پرسیاریان کرد، هەر فەرمووی: «ئێوە ناتوانن ئەنجامی بدەن»، وپاشان فەرمووی: «نمونەی کەسی تێکۆشەر (موجاهید) لە پێناو خوای گەورە وەکو نمونەی ڕۆژووگر و شەونوێژکارە کە ئایەتەکانی خوای گەورە دەخوێنێت وبێزار نابێت لە ڕۆژووگرتن ونوێژکردن، هەتاوەکو تێکۆشەر (موجاهید) لە پێناو خوای گەورە دەگەڕێتـەوە». ولە گێڕانەوەی (البخاري)دا: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەیەکم پێ بڵێ کە هاوشێوەی جیهاد کردن بێت لە پێناوی خوای گەورە (لە پاداشتدا)؟ ئەویش فەرمووی: «هیچ کردەوەیەک نادۆزمەوە» پاشان فەرمووی: «ئایا دەتوانیت ئەگەر موجاهید دەرچوو؛ بچیتە نێو مزگەوتەوە بەردەوام نوێژ بکەیت وهەرگیز بێزار نەبیت وڕۆژوو بگریت وهەرگیز نەیشکێنیت؟»، (پیاوەکە) ووتی: «ئایا کێ دەتوانێت ئەوە بکات؟».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا هاوەڵان پرسیاری ئەو کردەوە چاکانەیان کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە ئەنجامیدانیان پاداشتی وەکو پاداشتی جیهاد وتێکۆشانە لە پێناو خوای گەورە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئێوە ناتوانن ئەنجامی بدەن): واتا ئەو کردەوەیەی پاداشتی وەکو پاداشتی جیهاد کردنە لە پێناو خوای گەورە ئێوە ئەو توانایەتان نییە کە ئەنجامی بدەن، دوو یان سێ جاری تر هەمان پرسیاریان لێکرد ئەویش هەر فەرمووی: (ئێوە ناتوانن ئەنجامی بدەن). پاشان ڕوونی کردەوە ئەو کردەوەیەی کە ناتوانن ئەنجامی بدەن بریتیە لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن بە بەردەوامی وبێ بێزار بوون وپچڕان، وبێگومان ئەمە لە توانای مرۆڤدا نییە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەر لە سەرەتاوە فەرمووی: (ئێوە ناتوانن ئەنجامی بدەن)، ولە گێڕانەوەی (البخاري)دا: پیاوێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرد کە ڕێنیشاندەری بێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەک کە وەکو جیهاد کردن بێت لە پێناو خوای گەورە لە ڕوانگەی پلە وپاداشتەوە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (هیچ کردەوەیەک نادۆزمەوە): واتا هیچ کردەوەیەک نازانم کە پلە وپاداشتی یەکسان بێت بە جیهاد کردن بێت لە پێناو خوای گەورە، ولە گێڕانەوەیەک لە سەحیحی (البخاري ومسلم)دا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لَغَدْوَةٌ في سبيل الله أو رَوْحَة، خير من الدنيا وما فيها) واتە: (دەرچوونێک لە بەیانیان یان لە ئێواراندا -بۆ جیهاد وتێکۆشان- لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە)، پاشان فەرمووی: («ئایا دەتوانیت ئەگەر موجاهید دەرچوو؛ بچیتە نێو مزگەوتەوە بەردەوام نوێژ بکەیت وهەرگیز بێزار نەبیت وڕۆژوو بگریت وهەرگیز نەیشکێنیت؟»): واتا ئایا دەتوانیت کاتێک موجاهید دەردەچێت بۆ تێکۆشان لە پێناو خوای گەورە، تۆ بچیتە نێو مزگەوتەوە وئیعتیکاف بکەیت بۆ پەرستنی خوای گەورە بە بێ پچڕان، ونوێژ بکەیت بە بەردەوامی و بەڕۆژوو بیت بە بێ شکاندنی ڕۆژووەکە، ئەگەر ئەمە بکرێت ئەنجامبدرێت ئەوا ئەم کردەوەیە یەکسانە بە پلە وپاداشتی جیهاد کردن، بۆیە پیاوەکە ووتی: (کێ هەیە بتوانێت ئەوە ئەنجامبدات ؟!) واتا کێ هەیە بەردەوام نوێژ بکات بە بێ پچڕان و ڕۆژوو بگرێت بێ شکاندنی ڕۆژووەکە؟ وبێگومان ئەمە لە سەرووی توانای مرۆڤەوەیە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3917